## ووتەی حزب لەیادی 14 ساڵەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەبەریتانیا!

لەڕۆژی 2007/8/5 دا لەشاری لەندەن، بەئامادەبوونی ئەندامان و دۆستانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حزبی حیکمەتیست، یادی دامەزراندی حزب کرایەوەو ووتەی حزب کەلەخوارەوەدا هاتوە، لەلایەن " نوری بەشیر " ەوە پێشکەش کرا.

# 14 ساڵ لەمەوبەر دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، وەلام و پێداویستیەکی چینایەتی گرنگ بوو!



n.bashir3@ukonline.co.uk

لەم یادەدا 14 ساڵ بەسەر دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا تێدەپەرێ، ئەم حزبە لەکاتێکدا دروستبوو، کەدنیای سەرمایەداری، بەدەوڵەت و سەرمایەداران و بۆرجوازیە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، هەموو لەدژی کۆمۆنیزم و مارکسیزم دەیانخوێند، بۆ شکستی کۆمۆنیزم و مارکسیزم تەپڵیان لێدەدا، تەپڵی بازاڕی ئازادو سەرکەوتنی سەرمایەداریان ئەژەند و شکستی بلۆکی سۆڤیتیان وەك سەرمایەداری دەوڵەتی بەشکستی سۆسیالیزم ناودەبرد، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەو دەمەدا دروستبوو کە سەرمایەداری هێرشی سیستماتیکی بۆسەر مافەکانی کرێکاران و لێسەندنەوەی زۆرێك لەدەستکەوتەکانی چینی کرێکاری خستبوە ژێر فشاریکی زۆرەوە، لەو دەمەدا حزب ئالای مارکسیزم و سۆسیالیزمی لەیەکێك لەدیکتاتۆرترین و سەرکوتترین دەوڵەتانی دنیادا کەعێراق بوو بەرزکردەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەکاتێکدا دروستبوو، زۆرێك لەحزبە سۆسیالیست و شوعیەکانی ئەو دەمە لەکۆمۆنیزم ڕوویان وەرگێراو چەکوش و داسەکانیان داگرت، لەگەڵ دنیای سەرمایەداری و بازاری ئازادو بۆرجوازیە ڕەنگاوڕەنگەکاندا خۆیان جووت کردو کۆتاییی سۆسیالیزمیان ڕاگەیاند، زۆرێك لەگروپ و کەسایەتی و لایەنی بەناو چەپ و خۆ بەسۆسیالیست زان، سەردەمی سۆسیالیزم و مارکسیزمیان وا پێناسە دەکرد کەوادەی بەسەر چوە، لەو کاتەدا ڕێزیکی فراوان لەکۆمۆنیستەکان و چەپەکانی عێراق و کوردستان و فعالینی شوراکان، دەستیان بەرزکردەوەو بەهاوکاری و پێشرەوی مەنسوری حیکمەت بانگەوازی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان کرد، خۆرێکخستن لەدەوری مارکسیزم و سۆسیالیزمیان بەحەقیقەت و پێداویستی دەستبەجێ زانی.

کاتێك کۆمۆنیستەکانی عێراق و کوردستان ئەم حزبەیان لەعێراقدا پێکهێنا، هێرشی وەحشیانەو دژی ئینسانی سەرمایەداری بۆسەر مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەدنیادا سەراپا گیربوو، هێرشی کۆنەپەرستی باڵەکانی بۆرجوازی قەومی و ئیسلامی بۆسەر خەڵکی مەدەنی ڕوخساری زۆرێك لەکۆمەڵگاکانی داگرتبوو، هێرشی بێشەرمانەی سەرمایەداری بۆ سەر مافەکانی ژنان، کارپێکردنی منالان و بازرگانی کردن پیانەوە خەسلەتی قازانجێهنەرو بازاری ئازاد بوو.

کاتێك ئێمه ئەم حزبەمان دامەزراند وەك پێویستی و زەرورەتێکی چینایەتی کۆمەڵگا لەعێراقدا، ڕژێمی دکتاتۆری بەعس و کوشت و کوشتار و ئەنفال و کیمیایی باران و زیندان و ئیعدام و ترس و تۆقاندن سەرتاپای کۆمەڵگای عیراق و کوردستان و هەتا ناوچەکەی داگیرکردبوو، بێئاسۆیی خەڵك لەسازشەکانی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی کوردو عەرەب لەگەڵ ئەو ڕژێمە هارەدا باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشابوو، بەلام ئەم حزبە نوێیە بەئاسۆو ئاوات و بەرنامەو سیاسەتی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە پێی نایە مەیدان و لەکاتێکدا هەموو ئەو لایەنانە هیچ ئاسۆیەکیان نەبوو بیخەنە بەردەم کۆمەڵگا، حزبی ئێمە پەیامی ڕوخانی ڕژێمی بەعسی پێبوو، داوای هاتنە مەیدانی خەڵك بەگشتی و چینی کرێکارو یەکگرتویی یانی ئەکرد، لەجێگایدا بەدیلی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و ئازادو یەکسانی مەترەح کرد، لەسەرئاستی عێراقدا ئەگەر چی وەك یەك نا، بەلام کاری خۆی لەبەرامبەر کوشت و کوشتارو سەرکوتی بەعس ئیدامە داو ئەم چالاکیانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق زۆر جار دەبوە شوێنی نیگەرانی ڕژێمەکەی صدام و هەتا بەشێوەیەکی ئاشکرا لەمفاوەزاتەکانی حزبە کوردیە ناسیونالیستەکاندا ئەو نیگەرانیەی تەرح دەکرد، هەروەك چۆن جمهوری ئیسلامی ئێرانیش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەحزابە کوردیەکاندا نیگەرانی خۆی بەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەرح دەکرد لەدیفاعی ئەم حزبە لەمەسەلەی ژنان.

زۆرێك لەهێزە ئینسانیەکانی کەئەم حزبەیان دامەزراند عاملێکی ئەصلی بوون لەپاکردنەوەی کوردستان ساڵی 1991 لەرژێمی درندەی بەعس، کۆمیتەکانی ڕاپەڕین لەکوردستاندا دەوری بەرچاویان هەبوو....هەر لەوکاتەدا بەدەیان لەو کادرە کۆمۆنیست و چەپانە کەلەزیندانەکانی رژیمدا توندکرابوون و لەکاتی پاکردنەوەی کوردستاندا رزگاریان بوو...

کاتێك نەخشەی ئەمریکا و کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنە حاشیەیی و سازشکارەکان بەعێراقی و کوردیەوە لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا نەخشەی لێدنی عێراق و بەدیهێنانی هەلومەرجی ئەمرۆی عیراقیان دانا، حزبی ئێمە هەڵوێستی جدی هەبوو، وە بەدژی سیاسەتی ئەمرێکا لەعێراقدا وەستایەوەو ڕایگەیاند کەڕێگای تر هەیە بۆ ڕوخانی ڕژێمی صدام، حزبی ئێمە سیناریۆی ئەمرۆی لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا لەبەرچاو بوو، لەوێدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق قازانجی خەڵکی لەسەرو هەمو شتێکەوە رەچاو کردو بەزەروری زانی...

دامەزراندنی ئەم حزبە، لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهانیشدا دیاردەکی جدی و بەرچاوو زەروری بوو، لەئاستی ناوچەکەدا لەیەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەئاستی ئێراندا بوە دوو حزب لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، کارو چالاکیەکانی ئەم حزبەو خەتی ڕۆشنی کۆمۆنیستی و کرێکاری و لەپشت وەستانەوەی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، وە سیاسەتی ڕۆشن بەقازانجی ژنان، وە دیفاع لەمافەکانی منالان، وە لەپشت وەستانی خواستەکانی خەڵکی فەلەسەتین، وەستانەوە بەدژی هێزە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان، چ دەوڵەتی لەچەشنی جمهوری ئیسلامی ئێران، سعودیەو ئەفغانستان، تا دەگاتە ئەحزابە ئیسلامیە ئۆپۆزسیونەکان، وەستانەوە بەدژی هەر شێوە کۆنەپەرستیەکی ناسیونالیستی و قەوم پەرستی و ئیسلامی....

تا بەمەوقعیەتی جیهانی حزب دەگەرێتەوە لەئاستی دنیادا دەورێکی بەرچاوی هەبوو، وەك حزبێکی مارکسیست و سۆسیالیست و ئەنتەرناسیونالیست، کەبەشداری لەزۆرێك لەکۆڕو کۆمەڵ و کۆبونەوەو نارەزایەتی و کاری جیهانی کردوە لەگەڵ هێزە چەپ و ڕادیکال و ئینسان دۆستەکاندا، وە نەخشێکی بەرچاوو ناسراوی هەبوە لەبزوتنەوەی جیهانیەکانی دژی جەنگ و دژی سیاسەتی ئەمریکاو دژی ئیسلامی سیاسیدا و دیفاعی رۆشن و سەرسەختی لەمافەکانی پەنابەران لەدنیادا....

تابەمەسەلەی کێشەی میللی خەڵکی کوردستان و ڕێگا چارەی خەڵکی فەلەستین دەگەڕێتەوە، زۆر بەڕۆشن و سەراحەت و بێ هیچ پێچ و پەنایەك لەپشت سەری ئەم مافانەی خەڵکەوە بوە، وە بەعەمەلی لەسەر مەسەلەی خەڵکی کوردستان و خواست و مەتاڵیبەکان و ڕێگا چارەی دەرهێنانی خەڵکی کوردستان لەسەر گەردانی و ئاوارەیی و چاوەروانیدا نەخشە عەمەلێکی گەوری

خستە ڕوو بەڕابەری و تەرحی مەنسور حیکمەت، حزب وەك هێزێکی فعال و جدی ڕۆژانە ڕاوەستاو بوە لەپشت سەری خەڵکی کوردستان بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لەو گرفتاریەی کەبەدەست ناسیونالیزمی عەرەب و کوردەوە یەخەی پێگیراوە، وە لەپشت سەری خواستە ڕۆژانەییەکان و نارەزایەتیەکانیانەوە بۆ بۆ داواکاریەکانیان وەستاوە، هەر بۆ ئەمەش بوە شوێنی هێرشی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی و ڕێگەگرتن لەکارەکانی و تا گەیشتە هێرشی چەکداری بۆسەری، هەروەها ڕاونان و گرتن و تیرۆرکردنی ئەندامانی ئەم حزبەی گرتەوەو ڕێگە لەفعالیەتی گیرا، ئەم حزبە بەدریژایی دروستبونی ڕاوەستاوانە لەبەرامبەر هەموو هێزە ئیسلامیەکاندا وەستاوەتەوە کەخەریکی بلاوکردنەوەی ئەفکاری دواکەتوو و کۆنەپەرست و تیرۆرو سات و سەودا لەگەڵ دەولەتانی ناچەکەو هێزەکانی ئەحزابی ناسیونالیستدا بون و چەندین جار فتوای ڕابەرانی حزیان داوەو ناسیونالیستی کورد کەلەدەستەلاتدا بوون، پشتگیریان کردون و لای سەرەوە دایانناون و وەزارەتیان خستونەتە ئیختیارەوە...

هاوریان، دۆستان،

هەر لەم بەریتانیایەی کەهەمومانی لێدەژین تەنیا هێز بووین بەجدی و ڕۆشن و ڕاشکاوانە بەرامبەر ڕژێمی بەعس و سیاسەتەکانی وەستاینەوە، تەنیا حزب بوین کە ڕێگەمان گرت و هێرشمان کردە سەر بنکەو بارەگای ڕژێمی بەعس کەدەیانویست جارێکی تر بیهێنرێتەوە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و هاوڕیانمان لەسەر ئەوە دەستگیرکران، ئەم هێرشانەی ئێمە بوە شوێنی نیگەرانی ڕژێمی بەعس و نیگەرانی دەربرپنیان لەدەوڵەتی بەریتانیا، بوە شوێنی سەرنج و نیگەرانی ئۆپۆزسیۆنی عەرەب و کورد بەقەومی و ئیسلامیەوە کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کاری عەزیمی وای کردوەو بەهێزی ئەصڵی دژی ڕژێم دەرکەوتوە...
دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، نەك هەر زەرور بوو، بەڵکو پێداویستیەکی دەورانێکی سەخت بوو، پێداویستی کۆمەڵگایەکی چینایەتی بوو کەهیچ حزبێکی سیاسی کەلەپشت سەری خواستەکانی خەڵك بێت وجودی نەبوو، هێچ حزبێك کەمارکسیست و ڕادیکال و لەپشت سەری خواستەکانی کرێکارەوە بێت لەساحەکەدا نەبوو، پێداویستیەك بوو بۆ چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و ڕادیکالیزمی کۆمەڵگا کەلەژێر هێرش و تەوەهوم و پاشەکشەی سەرمایەداری و بورجوا قەومی و ئیسلامی عەرەبی و ناسیونالیزمی کوردا بوو لەعێراق و کوردستاندا، ئەم حزبە دیاردەیەکی نوێ بوو لەمێژووی عێراق و کوردستاندا، کەپەیامی ڕزگاری کۆمەڵگای پێبوو، پەیامی نەجاتدانی خەڵکی عیراقی پێبوو لەدەست ڕژیمی بۆرجوا فاشستی قەومی عەرەبی بەعس، پەیامی دیفاعی سەرسەختی پێبوو لەکرێکاران و مافەکانیان و ڕێکخراوەییان، پەیامی دیفاع لەمافەکانی ژنان و منالان و پیرو لاوان و ماموستایان، پەیامی دیفاع لەمەدەنیەت و ڕادیکالیزمی کۆمەڵگا و لەگۆرنانی بۆ هەمیشەیی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیست و ئازاد...

لەدامەزراندنی حزبەوە تائێستا، ئەگەرچی لەم ماوەیەدا حزب نەگەیشتۆتە بەرنامەو ئامانجەکانی، گەرچی هێشتا لەدەسەلات و لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا جێگایەکی کاریگەر و دڵخوازی نییە، بەلام ئەم حزبە تەنها چرای ئومێد و ڕزگاری و ئینسانیەتە، ئەم حزبە ئەگەر لەنێو زەلکاوی کۆمەڵگای عێراق و وجودی دەستەوتاقمی ئینسانکوژی قەومی و ئیسلامی دەرکەین، ئەگەر بۆیەك لەحزە سەیری کۆمەڵگای عێراق بەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بکەین، شتێکی تری لێنامێنێتەوە جگە لەڕیزێك مافیا و عەسابەی ئینسانکوژ و کۆنەپەرست کە بەربونەتە گیانی کۆمەڵگا و هەریەکەیان بۆ قازانجی ئەم بەش یان ئەوبەشی چینی بۆرجوازی و سەرمایەداران و بازرگانان، دەستیان لەبینەقاقای ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئینسانیەت گیرکردووە و لەپێناو جێگیرکردنەوەی دەسەلات و نەزم و نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدا ئامادەن ڕەشترین سیناریۆی ئینسانکوژی بەرنەپێشەوە. حزبی ئێمە بەهەموو کەمو کورتی و ناتەواوییەکانیەوە، هێشتا سەنگەری ئازادی و بەرابەری و دنیایەکی باشترە بۆ ئینسانەکان. هێشتا تەنها

وەسیلەی خەباتی ڕزگاری خوازیە لەدژی بارودۆخەکانی ئێستا، هێشتا ئومێدی چاوی منالان و خواستەکانی ژنانی ستەم لێچووە، هێشتا ئومێدی سەرجەم خەڵکی کرێکار و مەحرومی کۆمەڵگایە، هێشتا ئەم حزبە ئەتوانێ و فرسەتی ئەوەی هەیە بگاتە ئەوشوێنەی کەبەقازانجی چینی کرێکارو کۆمەڵگا و ئەوزاعەکان یەکلابکاتەوە.. بەلام مەرجی هەموو ئەمانە ئامادەیی نیشاندانی ئێمە ئەندامانی حزبە. مەرج ئەوەیە کە لەڕیزی پێشەوە کادران و ڕابەرانی حزب دەست بخەینە نێودەست و بەتەوای تواناوە بۆ سەرخستنی پرۆژەو سیاسەتەکانی حزب تێبکۆشین.
حزبی ئێمە ڕوخسارێکی خۆشەویستی ناو خەڵکە، توانیویەتی وەك هێزێکی جیا خۆی بناسێنێ کەپەیامێکی جیاوازی لەگۆمەڵگادا هەڵگرتوە و بۆ ئایندەیەکی شیاوی ئینسانی خەبات دەکات. تەنیا نموونەیەك لەوەی کەلەزۆرێك لەناوچەکانی کوردستان و عێراقدا هەرکەس و لایەنێك نەك دیفاعیش بەڵکو تەنیا قسەی لەسەر مافەکانی ژنان لەو 14 ساڵەدا کردبێ، بەکۆمۆنیزی کرێکاری ناوزەد دەکراو دەکرێ، هەر کەس و لایەنێك دیفاعی لەمافەکانی منالان بکردایە بەکۆمۆنیزی کرێکاری و جەماعەتی مەنسور حیکمەت ناوزەد دەکری، هەرکەسێك لەکۆمەڵگادا باسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستانی وەك ڕێگاچارەیەك بکردایە ئەوە سەر بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەناسێنرا و هەرکەس بەدژی کۆنەپەرستی ئیسلامی بوەستایەتەوە، بەدژی ژن کوشتن و چەند ژنە بوەستایەتەوەو بوەستێتەوە تا ئێستاش ئەوا بە ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حسابی لەسەر دەکرێت. لەئاستی ناوچەکەشدا بەهەمان شێوە دەوڵەتانی ناوچەکەشی قەڵس کردوەو دەکات، کەلەواقیعدا ئەم حزبە ڕابەری هەموو ئەو مسائیلە ئینسانی و ڕادیکالانە بووەو هەیە، ئەوەتا پاش 14 ساڵ ئەم حزبە تەنیا هێزە کەلەپشت سەری مافەکانی خەڵکی کوردستان و ڕێگا چارەی کێشەی خەڵکی کوردستاندا وەستاوە وەلامی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە هەیە، ئەوەتا ئەم حزبە لەپشت سەری ئەوەیە کەپێداویستی کۆمەڵگای کوردستان دامەزراندنی حزبێکی کە دەخوازێت و ماتریالەکانی لەم حزبە وەردەگرێت، ئەوەتا پاش زیاتر لە 4 ساڵ لەجەنگی ئەمریکا و ڕوخانی رژێمی بەعس لەعێراقدا تەنیا ڕێگاچارەی واقعی و ئینسانی و عەمەلی لای ئەم حزبەیە، واتە زەرورەتێك کە ئەم حزبەی 14 ساڵ پێش ئێستا بەوجود هێنا، ئێستا زەرەورەت و وجودی سەدان جار زیاترە.

بەهەموو ئەم دەلیلانە دەڵێم کەئەم حزبە تەنیا ئاسۆو ئامانجێکە لەبەردەمی کۆمەڵگای عێراقدایە و دەبێت دەستی پێوەبگرین و بەهێزی بکەین و لەپێشەوە ڕایگرین، ئەگەر لەدەوری ئەم حزبە هەموو ڕێکخراو و جدی کاربکەین، ئەگەر ئالای ئەم حزبە کەمارکسیزم و کۆمۆنیزمە بەجدی ڕابگرین کەلەپشت سەری بەرژەوەندی خەڵکەوەیە، ئەگەر لەپشت سەری مافەکان و خواستەکانی خەڵکەوە بوەستین و یەکێتی ڕیزەکانی کرێکاران و خەڵکمان بوێت، ئەوا بەتاکید وەك حزبێکی کۆمەلایەتی بەهێز دەبێت و کۆمەڵگا لەدەوری خۆی سازدەدا، نموونەیەکی ئەو ڕاستیە لەمانگی ڕابردودا و لەیادکردنەوەی حزبدا لەشاری بەغداو ئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاوو لەئەندامان و دۆستانی حزب هەروەها هەر لەویادەدا ڕاگەیاندنی ئەندامەتی 56 کەس بۆ ناو حیزب، دەلیلی زەرورەتی ئەم حزبە و پێداویستی لەکۆمەڵگای عێراق و کۆمەلایەتی بونی و هەتا ئەوەی کەدەتوانێ ببێتە هێزی گەورەو بڕیاردەر لەواقعیەت و ئایندەی عێراقدا، وەرن با هەموو پێکەوە ئەم حزبە بەهێز بکەین، بەهێز کردنی ئەم حزبە یانی بەهێزکردنی کۆمۆنیزم و مارکسیزمە، بەهێزکردنی ڕادیکالیزم و مەدەنیەتە، بەهێزکردنی ئەم حزبە مانای وەستانەوەیە لەپشت سەری خەڵکی عێراق و دەرکێشانی لەسیناریۆی ڕەشی ئەمرۆ و هەروەها بەهێزکردنی ئەم حزبە مانای نزیکبونەوەیە لەڕێگاچارەی کێشەی میللی خەڵکی کوردستان، بەهێزکردنی ئەم حزبە هێنانە مەیدانی کرێکاران و ڕێکخراو کردنیان و بەدەستهینانی خواست و مافەکانیانە.

هاوریان دوستان ئامادەبووانی بەڕێز:

لە14 هەمین ساڵیادی حزبدا پەیامی من ئەوەیە، کەدەبێ ئەم حزبە بەیەکگرتوویی و یەکپارچەیی ڕابگرین و بەدەستیەوە بگرین، سەرەرای جیاوازی بیروڕامان، سەرەڕای سەلیقەو هەوڵی ئێرەوئەوێی و جیاوازی نێوخۆی حزب، بەلام دەبێ بەهەمووومان بەگیانی بەرپرسیارێتیەوە لەحزب بڕوانین و بەتەواوی تواناوە بۆ پاراستن و یەکریزی و یەکگرتووی حزب تێبکۆشین، چونکە ئەمە تەنها فاکتۆری گۆڕینی حزب و کۆمۆنیزمە لەعێراقدا بەحزب و هێزێکی کۆمەلایەتی وکاریگەر. دەبا هەموو لەساڵیادی دامەزراندنی حزبدا پەیمان تازەکەینەوە، کەلەسەر ڕێگای بەدیهێنانی بەرنامەیەك کەهاورێ مەنسور حیکمەت نوسەریەتی، تێکۆشەرو هەڵسوڕاوی چالاکبین، با ئەم حزبە بکەینە ماڵی هەموومان بۆ کۆبوونەوە لەدەوری یەکتر با پێکەوە دەستخەینە ناودەست تا لەورۆژە نزیکدەبینەوە کەحزب لەدەسەلاتدا دەبینین.

دواووتەشم لەم یادەدا، یادکردنەوەی هەموو ئەو هاوریانەیە کە لەپێناو ئامانجی حزبدا گیانیان لەدەستدا و لەپێشیانەوە یادی هاورێ مەنسور حیکمەت و هەموو هاوریانی تر ڕێزلێدەگرین..

**بژی ساڵیادی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق..**

**سەرکەوێ حزب و ئامانجەکانی..**

**بژی کۆمۆنیزم و حیکمەتیزم..**